## گەندەڵی، کارەساتێکی میلی یان کێشەیەکی ناوەکی؟ ... وەهاب شاه محمد



چەند رۆژێک لەمەوبەر، وە لە رێگای رۆژنامەیێکی ئینگلیزی باس لە کارێکی گەندەڵی 2 ملیارد دۆلاری لە عیراق کرا، کە گوایە پاش رووخانی بەعس روویداوە. دیارە گەندەڵێکی گەورەی لەم جۆرە ئەگەر لەکاتی رژێمی بەعس رووی بدایە کارێکی ئاسای بوو، چوونکە مان و نەمانی خەڵکی بە ئیمزاێکی سەدام دیاری دەکراو، هەرچی کەسێکیش دژ بە بریاری سەدام بوەستایە ژێر خاک دەکرا. ئەم کارە نارەواو ترسناکە لە کاتێکدا ئەنجام دراوە کە کەسانێک دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، کە خۆیان بە رزگارکەری خەڵکی عیراق دادەنا. تاکو ئەمرۆش هەندێک لەو کەسانە خۆیان بە پاڵەوانی سەنگەری دژ بە بەعس دەزانن، ئێمەی کوردیش بەشێک بووین وە هەین لەو دەسەڵاتە تازەیە.

نامانەوێ لەوە زیاتر لەسەر ئەو گەندەڵیە گەورەیەی ناو عیراق بدوێن، چوونکە لە عیراقێک ئەنجام دەدرێ کە کەس بەکەس نیەو تەنها هێزی سەربازی و سیاسی دەسەڵاتی هەیە، بۆیە باسەکەمان زیاتر روو لە کوردستان دەکات، کە بۆ ماوەی پانزە ساڵە دوورە لە دەسەڵاتی بەغدا و سیستێمی سیاسیشمان سیماێکی دیموکراتی پێوە دیارە. لەم ماوەی پانزە ساڵە ی ئازادی و دیموکراسیە تاکو ئەمرۆ هیچ کات لە رێگای داموودەزگا میدیاێکانەوە یان پەرلەمانی هەڵبژاردراووی خەڵکی کورد گوێمان لە ریسواکردنی کاری گەندەڵی نەبیستووە. زۆر لەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە کاروباری داموودەزگا سیاسی وئیدارێکان هەیە باس لە گەندەڵی بەرفراوان دەکەن. باس لەوە دەکرێ کە گوایە خانوو وەرگرتن و دامەزران لە داموودەزگاکان تەنها لە رێگای ئەندام بوون یان لایەنگیری پارتە سیاسیە گەورەکانەوە ئەنجام دەدرێ، خزمایەتی و خەڵک ناسینیش لەناو ئەو لایەنانە خاڵی بەرزتر دەدات بۆ دەسکەوت. کەسانێک هەن کە ساڵەهای ساڵ لە هەندەران ژیانیان بردبووە سەر، بەڵام پێش و پاش رووخانی بەعس ئەمرۆ پلەوپایەی بەرز و دەسکەوتی ماڵی باشیان بەدەست هێناوە.

زۆر لەو کەسانە، بەداخەوە ناویان لە لیستی رەشی وڵاتانی هەندەرانە، ئەویش لەبەر کاری نارەوایان، یان کەسانێک بوون کە وەک ئێمە باسیان لێوەدەکەین کە لەسەر ماڵی مامە ئەژیان (ماڵی مامە مەبەست یارمەتی وەرگرتنی ئابووری مانگانە لە داموودزگا دەوڵەتێکان بۆ خەڵکی بێکار) . هەر ئەو کەسانە و زۆر کەسی تریش بێ بوونی شارەزاێکی ئەوتۆ لە هیچ بوارێک، یان بوونی خوێندنێکی باڵا لەلایان ئەمرۆ زۆر لە پۆستە بەرزەکانی ناو کوردستانیان وەرگرتووە، لە رێگای ئەو پۆستانەشەوە پارەو پوولێکی باشیان دەسەت دەکەوێ.

خەڵکانی گەراوەی هەندەران تەنها نیین لە دەسکەوتەکان، بەڵکو کەسانێکی تریش هەن کە برا، یان کەسێکی نزیکی دەسەڵاتدارانن لە کوردستان لە ماوەێکی زۆر کەم لە کەسێکی هەژار و کەم دەرامەتەوە بوون بە دەوڵەمەندی قورس، ئەم دەوڵەمەندیەشیان ناگەرێتەوە بۆ زیرەکی و شارەزایان لە بواری ئابووری بەڵکو بۆ خزمایەتی و ناسیاویان لە دەسەڵاتداران. کەسانێک هەن کە ئەمرۆ بوون یان کراون بە بەڵێندەری گەورە کە برای فڵانە دەسەڵاتدار و ناسراووی کوردستانن، ئەو کەسانەش گیرفانیان ئەوەندە پر بووە پێویستیان بە گیرفانی بێگانە هەیە.

تاكو ئێستا هیچ كام لەو لایەنە سیاسیانەی كوردستان باسیان لە كاری گەندەڵی و دژایەتی كردنی ئەو جۆرە كارانە نەكردووە، برواش ناكەم لەم ماوەی 15 ساڵی ئازادیە دووجار باسێكی لەو جۆرە لە رێگای میدیاو كەناڵەكانی ترەوە باس كرابێ. تاكو ئێستاش نەمان بیستووە كە دادگاكان یان دامووەزگا پۆلیسێكان كەسێك هاتبێتە لایان و گەندەڵێكی لا ئاشكرا كردبن. ناشكرێ بڵێین تەنها ئێمەی كورد كاری گەندەڵی ناكەین بۆیە تاكو ئێستا ئەو جۆرە كارانە ئاشكرا نەكراوون یان لە میدیاكانمان باسیان لێوەنەكراوە.

دەبوایە یێكێ لە كارە هەرە گرنگەكانی پەرلەمانی كوردستان دروووستكردنی كۆمیتەی تایبەت بە ئاشكراكردن و كرنترۆڵ كردنی كاری گەندەڵی بووایە، چوونكە گەندەڵی هەمیشە مەترسی بۆ بەرژەوەندی گشتی میلەت درووست دەكات، ئەندامانی پەرلەمانیش هەڵبژاردەی میلەتن نەك كەسی تر. دەبووایە پەرلەمانی نوێنەری میلەت كۆمیتەی تایبەتی شارەوانی دامەزرێنی بۆ كۆنترۆڵكردنی هەموو داهاتوو و خەرجی دامووەزگاكان، چوونكە بێ بوونی لەو جۆرە كۆمیتانە ناكرێ رێگا لە كاری گەندەڵی بگیرێ.

پێویستە پەرلەمانی كوردستان، یان دەسەڵاتدارانی سیاسی بنكەی تایبەت بۆ سكاڵا وەرگرتن لە خەڵك دامەزرێنن دژ بەو كارە گەندەڵیانە و ئاشكراكردنیان. پێویستە ئەو بنكانە بكرێن بە جێگای زانیاری وەرگرتن لە خەڵكی دەربارەی كاری گەندەڵی و لێكۆڵینەوە لە گەندەڵی. پەرلەمانی كوردستان كە نوێنەری خەڵكی كوردە دەبێ هەموو داهاتوو و خەرجی دەوڵەت بۆ میلەت ئاشكرا كات وە ساڵانە باس لە هەموو ئەو داهاتوو و خەرجانە بخاتە روو بۆ خەڵكی.

بۆ رێگاگرتن لە گەشەكردن و بەربلاوی كاری گەندەڵی پێویستە میدیاكانی راگەیاندن زوو زوو باس لە كاری گەندەڵی بكەن بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی هەڵدەستن بەو كارانە ترسێك بچێتە دڵیان و لەوەش زیاتر ئەو كارانەیان ئەنجام نەدەن. پێویستە پاش ئاشكراكردنی كاری گەندڵی ئەو كەسانە سزای یاسای توند بكرێن بۆ ئەوەی رێگا لە كەسانی تر بگیرێ بۆ ئەنجامدان و بیری گەندەڵی.

نارەزای دەربریین بەرامبەر كەم و كۆری كارەكانی دامووەزگاكان، یان گەندەڵی ئیداری كارێكی ئاسای و شارستانیە، بێ بوونی لەو جۆرە نارەزای و رەخنە گرتنە خۆ دزینەوەیە لە راستێكان و داپۆشینی هەموو كارێكی گەندەڵی. ئەوانەی دەیانەوێ نارەزای و رەخنەی خەڵكی دژ بە گەندەڵی بخەنە چوارچێوەی سیاسەتی پیلانەكانی دووژمن كەسانێكن دەستیان لە كاری گەندەڵی هەیە، ئەگینا بۆچی دەیانەوێ راستێكان لە خەڵكی بشارنەوەو نارەزاێكان بخەنە پاڵ پیلانی دووژمنان. دووژمنی كورد لە هەموو كەس زیاتر حەز بە نەبوونی كاری خزمتگوزاری دامووەزگاكان دەكات، هەموو كارێكیش بۆ بەربلاوی كاری گەندەڵی لە كوردستان دەكات.

دووژمنی كورد ئەو كەسانەن كە خۆیان لە خواستەكانی خەڵكی كورد دەشارنەوە، نەك ئەو كەسانەی دەیانەوێ كەم و كۆری و كەمتەرخەمی كاری دامووەزگا خزمەتگوزارێكان ئاشكراكەن. دوژمنی كورد قەت حەز بە زیانكێ تێرو ئاسوودەی كورد نەكردووەو ناكا، بۆیە خستنە ئەستۆی نارەزای و رەخنەی خەڵكی بۆ سەر شانی دوژمنان تەنها دوژمنانی كورد دەیەكەن نەك جەماوەر.

پێویستە هەرچی زووتر میدیاكانی كوردستان، چی ئەوانەی ناوەوە یان دەرەوەی وڵات بەرنامە و نووسینی تایبەت لەسەر كاری گەندەڵی باس بكەن بۆ ئەوەی ئێمەی كورد وەم ئەوانی تر لە میدیاكانی جیهانی ئابرووومان نەروات، لە كاتێكدا خۆمان لە زۆر كەسی تر بە پێشكەوتوخواز دەزانیین. لەكاتێكدا خەبات بۆ دامەزراندی كۆمەڵگایێكی مەدەنی و دیموكراسی دەكەین پێویستە خەباتمان هاوتابێ لەگەڵ خەباتی دژ بە گەندەڵی.

www.kurdistannet.org

20-9-2005 22:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

Shah. wahab@gmail. com